| هەرێمی کوردستان - عێراق | | اقليم كوردستان – العراق |
|---|---|---|
| ئەنجومەنی وەزیران | | مجلس الوزراء |
| وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | Kurdistan Regional Government | وزارة التعليم العالي والبحث العلمي |
| فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بەدواداچوون | Council of Ministers | دائرة الدراسات و التخطيط و المتابعة |
| بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت | Ministry of Higher Education & Scientific Research | مديرية التعليم الخاص |

No: ژمارە: ٥/ ٢٧١٠٥

Date: / /2015 ڕێکەوت: ٢٢/ ١٢ / ٢٠١٥ی زایینی

٢٢/ ٩ / ٢٧١٥ی کوردی

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەرکردە

بۆ / زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا

بابەت/ وەرگرتنی قوتابیان/خوێندکاران

سڵاو و ڕێز..

نوسراوتان ژمارە (٣٤-٤٠٠) لە ڕێکەوتی (٢٠١٥/١٢/١٣).

تایبەت بە پاڵاوتنی قوتابیان/خویندکاران بۆ وەرگرتنیان لە بەشەکانی ئەندازەی شارستانی و ئەندازەی نەوت و زمانی ئینگلیزی و ژمێریاری و کارگێری کار و شکاری نەخۆشی لە زانکۆکەتان. پاش ووردبینی کردنی فۆرمی ناوەکان و کۆنمرەکانیان بەپێی ڕێنماییەکان، ڕەزامەندی درا لەسەر وەرگرتنی ئەو قوتابی/خوێندکارانەی کە ناویان لە لیستەکانی هاوپێچ هاتووە بەشێوەیەکی بەرایی وەك لە خوارەوە ئاماژەمان پێکردووە:-

١. وەرگرتنی (٥٧) قوتابی / خوێندکار بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٥/٢٠١٦) لە بەشی ژمێریاری وەك لە لیستی ژمارە (١)ی هاوپێچ ئاماژە بە ناوەکانیان کراوە کە بە ناوی (١. بلقيس كمال عبدالله) دەست پێدەکات و بە ناوی (٥٧. فرح حقی ئیسماعیل) کۆتایی دێت.
٢. وەرگرتنی (٥٤) قوتابی / خوێندکار بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٥/٢٠١٦) لە بەشی کارگێری کار وەك لە لیستی ژمارە (٢)ی هاوپێچ ئاماژە بە ناوەکانیان کراوە کە بە ناوی (١. بۆتان كمال عبدالله) دەست پێدەکات و بە ناوی (٥٤. مصطفى بسام علي) کۆتایی دێت.
٣. وەرگرتنی (٢٨) قوتابی / خوێندکار بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٥/٢٠١٦) لە بەشی ئەندازەی شارستانی وەك لە لیستی ژمارە (٣)ی هاوپێچ ئاماژە بە ناوەکانیان کراوە کە بە ناوی (١. دیار سامان عوسمان) دەست پێدەکات و بە ناوی (٢٨. بلال عطا کاکەحەمە) کۆتایی دێت.
٤. وەرگرتنی (٣٢) قوتابی / خوێندکار بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٥/٢٠١٦) لە بەشی زمانی ئینگلیزی وەك لە لیستی ژمارە (٤)ی هاوپێچ ئاماژە بە ناوەکانیان کراوە کە بە ناوی (١. لاويز صلاح علي) دەست پێدەکات و بە ناوی (٣٢. فەرهاد حسين علي) کۆتایی دێت.
٥. وەرگرتنی (٨٠) قوتابی / خوێندکار بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٥/٢٠١٦) لە بەشی شیکاریەکانی نەخۆشی وەك لە لیستی ژمارە (٥)ی هاوپێچ ئاماژە بە ناوەکانیان کراوە کە بە ناوی (١. سوما بكر محمدامين) دەست پێدەکات و بە ناوی (٨٠. اوان ئازاد محمود) کۆتایی دێت.
٦. وەرگرتنی (٢٨) قوتابی / خوێندکار بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٥/٢٠١٦) لە بەشی ئەندازەی نەوت وەك لە لیستی ژمارە (٦)ی هاوپێچ ئاماژە بە ناوەکانیانکراوە کە بە ناوی (١. بینەر کەیوان محمد) دەست پێدەکات و بە ناوی (٢٨. لقمان نوری ئەحمەد) کۆتایی دێت.
٧. هەر قوتابی / خوێندکارێك دانیشتووی پارێزگەکانی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بێت بڕوانامەی ئامادەیی لە دەرەوەی هەرێم بە دەست هێنا بێت ناوی لە لیست دەخرێتە دەرەوە وە مافی قەرەبوو کردنەوەی نابێت.
٨. هەر هەڵەیەك یان ساختەیەك لە فۆرم و بڕوانامەی پاڵێوراوان هەبێت یا خوود وەرگرتنەکەی بەدەربێت لە ڕێنماییەکان، زانکۆکە و خودی قوتابی/خوێندکار بەرپرسە وە ناوی قوتابی لە لیست دەکرێتە دەرەوە بەبێ قەرەبووکردن. وە لە هەر قۆناغێکی خوێندن بێت دادەبڕێت وە ئەگەر خوێندنیشی تەواو کردبێت ئەوا بڕوانامەکەی لێوەردەگیرێتەوە.
٩. وەرگرتنی کۆتایی بەندە بە پێشکەشکردنی بڕوانامەی ڕەسەنی ئامادەیی یاخود ئەو بڕوانامەیەی کە داواکاری وەرگرتنی پێشکەشکردووە لەلایەن قوتابی/خوێندکار.

www.mhe-krg.org
E-mail: mohesr.studies.krg@gmail.com
ناونیشان: هەرێمی کوردستان، هەولێر، ڕێگای سەرەکی کەرکوك، شەقامی هادی چاوشلی
ژمارەی تەلەفۆن ٠٦٦٢٥٦٩٣١٥

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بەدواداچوون
بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
دائرة الدراسات و التخطيط و المتابعة
مديرية التعليم الخاص

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

١٠. لە ماوەی (٢) ڕۆژ پێویستە قوتابی / خوێندکار ئاگادار بکرێت بە گەرانەوەی ناوی بۆ راپەراندنی مامەڵەی وەرگرتنی وە دەستکردن بە پرۆسەی خوێندن ئەگەر لەم ماوەیە ئامادە نەبوو وەرگرتنەکەی هەڵدەوەشێتەوە وە قوتابی/خوێندکاری یەدەگ ئەوانەی پێوەری وەرگرتنیان بەپێی ریزبەندی کۆنمرەی وە بە دادپەروەری دەخرێتە شوێنیان.

١١. هەر هەڵەیەك لە ریزبەندی لیستی وەرگیراوان هەبێت یان هەر کەسێك بە نادادپەروەری لە لیست دانرابێت ئەوا ناوی دەخرێتە دەرەوە لە لیستەکە و یەکێك لە قوتابی/خوێندکارە یەدەگەکان بەپێی شایستەبوونی کۆنمرەی دەخرێتە شوێنی.

١٢. هەر قوتابی/خوێندکارێک کە سوودمەندبێت لە وەرگرتنی نمرە بەهۆی بریاری بەرزکردنی ساڵی خوێندنی (٢٠١٣-٢٠١٤) بە ساڵی نەکەوتن (عدم رسوب)، پێویستە پشتگیری پەسەندکراو لەلایەن پەروەردە لە قوتابخانەکەی بهێنێت و ڕاستی و دروستیش بۆ پشتگیرییەکە لەلایەن زانکۆکەتانەوە ئەنجام بدرێت، بەپێچەوانەوە مافی قەرەبووی نابێت.

١٣. ڕێژەی (٥ %) لە کۆی وەرگیراوانی زانکۆکەتان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٥-٢٠١٦) تەرخان دەکرێت بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و پێشمەرگە و کەمدەرات کە لەلایەن وەزارەتمانەوە ناوەکان دەستنیشان دەکرێت تاکۆتایی پرۆسەی خوێندنیان لە زانکۆکەتان بەبێ بەرامبەر دەخوێنن.

لەگەڵ ڕێزدا....

پ.ی.د. جمال کمال حسین
ی بەڕێوەبەری گشتی
٢٠١٥/١٢/١٣

وێنەیەك بۆ :-

- نووسینگەی بەرێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا .
- فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی خوێندن و بەدواداچوون/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت / لەگەڵ بەراییەکان .
- دەرکردە .

ئاری

www.mhe-krg.org
E-mail: mohesr.studies.krg@gmail.com

ناونیشان: هەرێمی کوردستان، هەولێر، ڕێگای سەرەکی کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی
ژمارەی تەلەفون ٠٦٦٢٥٦٩٣١٥